# سوریالیزم و(عەباس عەبدوڵڵا ) لە شیعری کوردیدا

د. سروشت جوهر حوێز [1] د. ئەحمەد مەحمود عەبدوڵڵا [2]

[1] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عراق
[2] بەشی کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری، پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە ، زانکۆی پۆلەتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عراق

## پوختە

سوریالیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی کەلەسەدەی ڕابردوودا پێویستی واقیع هێنایەکایەوە دوای دادایزم ، ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبووە لە ئەدەبیاتی جیهانی و ئەدەبی کوردی ، کاریگەری خۆی هەبووە لە بەرجەستەکردنی هەستی نوسەران و ڕۆشنبیرو هونەرمەندان بەتایبەتی لەو واقیعە نالەبارەی تیایدا ژیاون ، بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی دەستەو چینەکانی کۆمەڵ ، لەم ڕێبازەدا شاعیر وێنای هەستە ناوەکیەکانی دەکات و ڕەنگدانەوەی پێدەدات لە دەرەوە بە شێوەیەکی هونەری بەرز ، بەمەبەستی جوڵاندنی لایەنە پێکراوەکان لە وەرگردا. لێرەدا دیاردەکانی خەسڵەتی دیاری سیمای ڕێبازی سوریالیزم لە شیعرداو شیعرەکانی (عەباس عەبدوڵڵا) بەنموونە ، یەکێکە لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردی ڕاستەوخۆ ئەو بوارەی لەبەردەم لێکۆڵینەوە کەماندا دەکاتەوە. (سوریالیزم و عەباس عەبدوڵڵا لە شیعری کوردیدا) هەوڵێکە بۆخوێندنەوەی خەسڵەت و سیماکانی سوریالیزم و شیعرەکانی (عەباس) بەپێی ڕێبازی سوریالیزم. سنوری لێکۆڵینەوەکەشمان تایبەتە بە چەمکی سوریالیزم لە شیعردا بەتایبەتی ، شیعرەکانی (عەباس عەبدوڵڵا)شمان بە نموونە وەرگرتووە ، لێکۆڵینەوەکەمان بەو چوارچێوەوە بەندکردووە تا بتوانین بەچڕی گشت لایەنەکانی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە و شیعرەکانی (عەباس عەبدوڵڵا) لەم ڕووەوە ڕوون بکەینەوە. لە نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی مێژوویی وەسفی ، شیکاری ڕەخنەیی کراوە ، لە بەشی یەکەمدا لەڕووی مێژوویی و وەسفی قسە لەسەر بابەتەکە کراوەو لە بەشی دووەمیشدا بۆچوونە ڕەخەییەکانمان بۆ شیکارکردنی شیعرەکان و ئەنجامی بابەتەکە ڕۆشتووین. بنیادی لێکۆڵینەوەکەشمان بەمجۆرە دارشتووە ، جگە لەم پێشەکییە لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمك و مێژووی ڕێبازی سوریالیزم و خەسڵەت و سیماو بنەما هونەرییەکانی ڕێبازی سوریالیزم کراوە. لە بەشی دووەمیشدا باس لە ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی سوریالیزم ( خەون ، تەقاندنەوەی هەستی نائاگا ، نوسینی ئۆتۆماتیکی ، لاشەی بەتام ، سەرسورهێن ، هونەری گاڵتەکردن ، شێتی )لە شیعرەکانی (عەباس عەبدوڵڵا)دا کراوە.

وشە سەرەکیەکان: سوریالیزم، عەباس عەبدوڵڵا ، شیعری کوردی

## بەشی یەکەم

### چەمك و زاراوەی سوریالیزم

زاراوەی سوریالیزم Surrealism لەدوو بڕگە پێکدێت ( وشەی سور (Sur ) واتەسەر , وشەی ڕیالیزم (realism) واتە واقیع ) هەردوو وشە بەیەکەوە(سەرووی واقیع) دەگەیەنن. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار ، کە بەکارهات بۆ ناونان بوو لە شانۆگەریەك بەناوی ( مەمکەکانی بەیاتریس)، کە ئەپۆلێنیرGuillanmeApolinaire لەسەرەتای شانۆگەریەکەدا ، داوای سەرووی سروشتی دەکرد , لە وەشەوە زاراوەی سوریالی لە پێشەکی شانۆگەریەکەدا بەکارهێناوە. (ارنولد، 1979، 60) بۆیە ئەپۆلۆنیر زاراوەی سەرووی واقیع سوریالیزمی بەکارهێنا. زاراوەی سوریالیزم بریتیە لە تەعبیرکردن و بیرکردنەوە لەدەرەوەی چوارچێوەی کۆنترۆڵ کردنی عەقڵ(عومەر،2002، 295). ئەم زاراوەیەش لەدوای کۆتای هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی وەك بزوتنەوەیەکی هونەری وئەدەبی هاتەکایەوە , لەئاکامی پاشماوەکانی جەنگ لەدوای بزوتنەوەی دادایزم , Dadaism دژ بەو بارودۆخە نالەبارەی ئەو

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 3، العدد 1 (2022)
أُستلم البحث في 15 آذار 2022؛ قُبل في 25 نيسان 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 11 يونيو 2022
البريد الإلكتروني للمؤلف :Ahmed.abdullah@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2022 سروشت ' ئەحمەد . هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

سەردەمە وەك ئەركێكی ئەدەبی و هونەری وئەخلاقی و كۆمەڵایەتی و سیاسی. (سەرچاوەی پێشوو،277) سوریالیزم دەبێتە ڕێبازێكی ئەدەبی و هونەری ، كە پێدادەگرێ لەسەر تەواوی ئازادیی ئادەمیزاد دژ بە واقیع و كۆمەڵگە ، مەبەستی شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی وئازادی تەواوی مرۆڤە. (سیدحسین،1376، 781) سوریالیزم شۆڕشێكی فەرهەنگی ئەوتۆ بەرپادەكات , كە خودی واقع دەخاتە ژێر پرسیارەوە. (ئەندرێ بریتون ( A. Breton لەبارەی پێناسە سوریالیزمەوە دەڵێت : سوریالیزم مەبەستی دەربڕینە , گەر بەهەرشێوەیەك بێت لەشێوازەكانی بیری ڕاستە قینە ، لەو كاتەی كەوا هەموو چاودێری و كۆنترۆڵی عەقڵ وون دەبێت ، دوور لەهەموو بایەخێكی ئیستاتیكی و ڕەوشتی. (بریتون،1978، 41) واتە بەلایەوە بزوتنەوەیەكی زاتی و دەروونییە ، كەلە لەبیرو ناهۆشمەندیی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ ، دوور لەدەسەڵاتی عەقڵ و یاسای كۆمەڵەوە. واتە سوریالیزم هەنگاوێكە بۆ ئەوشوینانەی كە عەقڵ پەی پێنەبردوون ، بەیارمەتی خەون و خەیاڵ وەهم ، كە سەرچاوەی هونەری سوریالیزمە. لە سوریالیزمدا گوێ نەدان بەعەقڵانیەت و لۆژیك ، هەوڵدەدات دوو واقیعی دژیەك لەیەك بكات بۆ هێنانە كایەوەی واقیعێكی تازە ، بۆیە هەمووكات سوریالیەت جەخت لەسەر لێكدانەوەی خەون و واقیع بۆ گەیشتن بەواقیعێكی ڕەها یان سەروو واقیع دەكاتەوە. كەواتە دەتوانین بڵێین سوریالیزم بریتیە لە تەعبیركردن و بیركردنەوە لەدەرەوەی چوارچێوەی كۆنترۆڵكردنی عەقڵ.

كەواتە ئەرك وئامانجی سوریالی زاڵ بوونە بەسەر هەموو بارە دەروونیەكانەوە، جەخت لە زاراوەی سەربەستی دەكەنەوە ، مەبەستیشی لێی دەرباز بوونی هونەرمەندە لە یاساكانی هونەر. نائاگایی و دیاردە شاراوەكان ئەركی سوریالیستەكانە ، بۆیە هەوڵی دۆزینەوەی ناهۆشیاری و نائاگایی و پەردەلادان لەسەر نهێنیەكانی ناخ و واقیعی ڕووكەش دەدا , بە ئامانجی گەڕان و پشكنین بۆ دۆزینەوەی واقیعی باڵا ، بەمەش داهێنانی ئەدەبی لایان هۆیەكە زەمینە خۆش دەكات بەرەو ئەو واقیعەی تر كە بەدوای دا دەگەڕێن. بۆیە ئامانجیان هەڵوێست وەرگرتن و بەپرسیاریەتی مرۆڤایەتی بوو ، لە ژیاندا بەرامبەر بەسەردەمەكەی ، ئامانجیان دروستكردنی جوانی و چێژ بوو لەڕێگەی ناعەقڵانیەت و ناماقوولەوە ، چونكە ڕازی نەبوون بەوەی هەیە ، بەڵكو هەوڵی وێرانكردنی واقیع و وروژاندنی بێدەنگی و باویان دەدا , بەمەبەستی پێكهێنانی جیهانێكی تازە كەلە چوارچیوەیدا مرۆڤ ڕاستی خۆی دەدۆزێتەوە ، بۆ ئەوەی لەمێژووی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دا بزانێ چییەو بۆچی دەژی. (البصیر،1983، 113 – 114) بۆیە ئامانجیانە خوێنەر لە دیدێكی جیاوازەوە واتە لە گۆشەنیگای خەون و ناهۆشیاری و نالۆژیكەوە بڕوانێتە ژیان

**- مێژووی سوریالیزم:**

گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سوریالیزم ، ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ بزاڤێك بەناوی (مانرزم)لە سەدەی شازدە كە دیدێكی سوریالیی هەبوو , وەك پێویستیەك بۆ بەرپەچدانەوەی ئاراستەڕۆحانیەكانی ئەو كاتە دەركەوت ، لەسەردەمی دوای داگیركردنی ئیتاڵیا لە لایەن فەرەنسا و ئیسپانیا ، گوزارشتی لە قەیرانە سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەكانی ئەوروپا دەكرد ، تیایدا هونەرمەند ڕێگەبوو بۆ تەعبیركردنی كەسایەتی و شێواز وتەكنیك و شڵەژانی باری دەروونی تاكی ئەوروپا, پاشان دیدگای سوریالیزم لەسەدەكانی حەڤدە و هەژدە و نۆزدەدا لەبیرو بۆچوونی ئەو هونەرمەند و شێوەكاران بوو ، كە بۆچوونەكانیان بریتی بوو لە سەربەست كردنی خەیاڵ دوور لە عەقڵانیەت و یادگاریی و دژی زەمەن و فەزایەكی فەنتازی بەتەنیشت ئەو ڕێككەوتەخۆش و ناخۆشانەی سەردەمی منداڵی. (علی، yosefanan. jeeran. com) دواتر لە سەدەی بیستدا كارەساتە دڵتەزێنەكانی جەنگی جیهانی یەكەم (1914-1918 ) ڕۆلی خۆی هەبوو لە پەیدابوونی ئەو شەپۆڵ و ڕێبازانەی كەلەوسەردەمەدا هاتەكایەوە وەك دادایزم و سوریالیزم و. .. ئەمەش لەئەنجامی ئەو ئازارو مەینەتیانەبوو ، كە عەقڵی هۆشیار هێنابویەكایەوە هەست كردن بە ئازارو نائومێدی و ئەو نەهامەتییەی كەعەقڵی مرۆڤ بە سەر مرۆڤایەتی هێنابوو ، لە ئەنجامی بێ توانایی عەقڵی هۆشیار بۆ گەیشتن بەڕاڤەیەك بۆ هەڵسوكەوتی مرۆڤ(غریب،1979، 229). لەوكاتەشدا سوریالیستەكان دەگەڕانەوە بۆ ( ڕامبۆ و لوتریامون) ئەوان زیاتر شۆڕبوونەوە بۆ ناوقووڵایی جیهانی پەنهانی خەون و ڕەمز , زۆر باوەڕیان بەشیكردنەوەو تەقاندنەوەی خود هەبووە بۆ گەیشتن بە مەعریفە , بەهرەیان لە (بۆدلێر و ئەدگار ئالان پۆ) وەردەگرت لەشیكردنەوەی دەروونی(هاوزر ،1981، 473). كاریگەری وئاكامی یەكەم جەنگی جیهانی و زێدەڕۆیی لەپرنسیبەكانی هونەر ، هەڵوەشانەوەی بەها فكری و ڕەوشتییەكان هۆكاری سەرەكی بوون. بۆ سەرهەڵدانی چەندین بزوتنەوەی جیاجیا ، كە یاخیبونیان كردبووە پەیامی خۆیان لەوانە سوریالیزم. شوێنەواری جەنگی یەكەمی جیهانی شاعیرانی دڵنیاكردەوە لەوەی , كە نەهامەتیی شارستانیەتی ڕۆژئاوا , لەڕێگای دارمان و جەنگ ، دووچاری قەیرانی فیكری وڕەوشتی بوون ، ئەمەش سەرنجمان بۆ ئەو شەپۆلە ئەدەبی و هونەریانە ڕادەكێشێ كە پێش سوریالیزم لەئارادابوون ، ببوون بە هەوێن و سەرچاوە بۆ سەرهەڵدانی سوریالیزم ، بۆیە سوریالیزم درێژ بۆوەی قوتابخانە ئەدەبی و هونەریەكانی ئەوروپابووە كە گرنگترینیان دادایزمDadaismبوو (مصطفی – علی،2000، 79). چونكە دادایيزم بزوتنەوەیەكی هیچ گەرا بوو , بەدوای ئیستاتیكایەكی هیچدا دەگەڕا ، هەموو شتێك لایان هیچ بوو. دادایيە كان دەیان ویست ، مرۆڤ لەدەست زوڵمی دەسەڵاتداران ڕزگار بكەن ، هەوڵیان دەدا ئەدەب لەعەقڵ و شعور و زمانی باو یش ڕزگار بكەن ، ئەو بێهیوایی و ڕەشبینیە وای لێكردن كە هیچ شتێك بە گرنگ نەزانن و بایەخی هەموو شتێ كەم بكەنەوە. لەگەڵ كۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دونیا گۆڕاو دادا گیانی دا تەنانەت ڕابەرەكانیشی لێی پەشیمان بووونەوە لەناو منداڵدانی دادایيزم سوریالیزم دەستی بەژانی لەدایكبوون كرد(صالح،2003، 3017). بەمەش دادایزم بووە بنەمایەك بۆ ڕێبازی سوریالیزم.

لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم ڕەوتێكی دژ بەپۆزەتیڤیزم هاتەبوون , و ڕەوتێكی دی لەژێركاریگەریی نوسینەكانی ( نیچە) و نوسینەكانی (برجسون) لەبارەی پاڵنەری زیندوو مەزندە و یادەوەری و چەمكە تازەكەی (فرۆید)

بۆ ژیانی دەروونی و ئایندەخوازەکان. (ئەدونیس،2002 ، 75). دواتر لەساڵی (1919 ) دا گشت ئەو ئەزموونانەی لەسەر میتۆدی دەروون شیکاری (فرۆید) لەلایەن ( ئەندرێ بریتون و فلیب سووپۆ ) ئەنجام درابوون بەناونیشانی مەیدانە موگناتیسیەکان لەگۆڤاری (لیتراتور Litterature )بڵاودەکرێتەوە. ئەم دوو ڕووداوە دەبنە سەرەتا بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشێك بەناوی سوریالیزم. (پیرباڵ ، 1997 ، 30) ( بریتون ) لەساڵی (1916 ) میتۆدی شیکاری دەروونی ( فرۆید) لەسەر سەربازەکان پەیڕەودەکرد ، بەڕای هەندێ لە سوریالیستەکان ئەوە سەرەتای سوریالیزم بووە ، بەڵام کاری ڕێك ومیتۆدی لەساڵی (1919 ) هوە دەستی پێکرد, واتە لەوکاتەی کە کتێبی مەیدانە موگناتیسیەکان دەرچوو. (گارا ،2005 ، 350) لەساڵی (1924 ) ئەندرێ بریتۆن یەکەم مانیفستی سوریالی دەرکرد ، کەتێیدا نوسیبووی سوریالیزم بیرکردنەوەیەکە ، بەبێ هیچ لەبەرچاوگرتنێکی عەقڵ ، لەدەرەوەی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی زیهنی ئیستاتیکی یا ئەخلاقی , خۆی بەیان دەکات. (پیرباڵ،2004 ، 232). لێرەدا مانفێستی سوریالیزم دەخەینە ڕوو کە (ئەندرێ بریتۆن) لەساڵی (1924 ) یەکەم مانیفێیستی سوریالی بەیان دەکات و دەڵێت : سوریالیزم پێویستی بە یارمەتی ئۆتۆماتیزمی دەروونی هەیە , بۆ گەیشتن بەدەربڕین ، تاکو بەبێ بایەخ دان بەتێڕوانینە ئیستاتیکی و ڕەوشتیەکان واتای ڕاستەقینە بگەیەنێ و بێ چاودێری ئەقڵ بیرێك دابڕێژێ. (بریتون،1978، 41) دواتر بریتۆن پێوەرە بنچینەیەکانی ڕێبازی سوریالیزم دەخاتە ڕوو و مانیفێستی دووەم لە(1925-1930 ) بڵاودەکاتەوە ، جەخت لە وێران کردن و ڕووخانی هەموو ئەو بەهایانە دەکاتەوە , کە دژی خێزان و ئاین ونیشتمان بوون. لە هەردوو مانفێستەکەدا جەخت لەسەر گرنگی خەون و هەرێمی نائاگایی مرۆڤ دەکرایەوە ، کە لە فیکری( فرۆید )هوە سەرچاوەی گرتبوو ، پێیان وابوو بیری مرۆڤ دەتوانێ بگاتە حاڵەتی دژەکان. هەروەها سوریالیەکان جەختیان لە ناکۆکیی نێوان خود ومن ، دەکردەوە، دەیان وت من ئەو شتەیە کە ڕواڵەتە بەڵام خود قوڵایی یە، ئەوشوێنەیە کە ململانێی نێوان حەزی خۆشەویستی و ئارەزوی مردن دەست پێدەکات. بەبۆچوونی فرۆید ئەوشوێنەیە ، کە سوریالیستەکان دەیانەوێ ئیلهامی تێدا وەرگرن بەبێ چاودێری عەقڵ ویاسا(عباس،1987، 90). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە حاڵەتەکانی خەون و نائاگاییی و ناوەوە و دەرەوەی ئادەمیزاد ، بۆ نەمانی سنورەکانە بۆ گەیشتن بەڕاستی لە سەرووی واقیع و سەربەستیی ئادەمیزاد لەهەموو کۆت وبەندێکی عەقل و لۆژیك. بەو شێوەیەش هونەرمەندە سوریالیستەکان ڕەچەشکێن بوون ، بەو کارانەی کەدەیان کرد ، کە هیچ کام لە هونەرمەندان و ئەدیبانی پێش خۆیان نەیان کردووە. هونەرەکەیان پڕ بوو لە تەعبیری ناماقوڵ وناعەقڵانی و نالۆژیکی ، بۆئەوەی زیاتر لە هونەرەکانی سوریالیزم دا قوڵبنەوە وەك نووسینی ئۆتۆماتیکی و گەمە سوریالیەکان و خەون و تەقاندنەوەی هەستی نائاگا و زۆربەی هونەرەکانی دیکە ، کە جۆرە ئیستاتیکایەکی دەبەخشیە کارەکانیان , بێ وێنە بوو لەچاو ئێستاتیکای هونەری پێشوو. لەلایەکی دیکەوە خەیاڵ و فەنتازیا ڕۆڵی کاریگەریی هەبوو , لەسەر ژیانی ئادەمیزاد , ئەقڵی مرۆڤ لەبەرامبەریاندا دەستەوەستان بووە. .

دواتر سوریالیزم لە ئەدەبی عەرەبیدا دەرکەوت و سەرەتای دەرکەوتنی ڕێبازی سوریالیزم لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی ڕابردوو ، ئەویش بە هۆی ئەو شەپۆلە هونەرییە ئەدەبییەی لەفەرەنسا هەبوو , هەندێ لە شاعیرو هونەرمەندانی عەرەب پێی کاریگەربوون بەتایبەتیش لای ئەدیبیان و نوسەرانی میسر ، یەکێك لەو نوسەرە میسریانەش کە ڕۆلێکی دیاری بوو لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی سوریالیزم (جۆرج حەنین ) بوو, کە بە پێشەوای شاعیرە سوریالیستەکانی میسر دادەنرێت , بە هۆی ئەوەی کەزمانی فەرەنسی زانیوە و ئاگاداری ئەدەبی فەرەنسی بووە , بەکاریگەری (ئەندرێ بریتۆن) چالاکانە هەڵسا بەدامەزراندنی کۆمەڵەی سوریالیزمی میسر , پەیوەندی بەشاعیرانی میسر کردووە ، مانفیستێکی ئازایانەیان بڵاو کردەوە , بەناوی (بژی هونەری ئاست نزم)(رەسول ، 2000، 166). ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو , لەسەر بڵاوبوونەوەی دەقە سوریالیەکان و زۆربەی هونەرەکانی دیکە وەك شانۆ , هونەری شێوەکاری , شیعر, ڕەخنە و وەرگێران . دواتر لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی سەردەم سوریالیەت لە هەموو ئەدەبیاتی عەرەبی ڕەنگیدایەوەو کاریگەری لەسەر چەندین کۆمەڵە و گروپی کلتوری و ئەدەبی لاوی عەرەب و نەوەی دواتر هەبووەو بەشداری لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کردووە(سەرچاوەی پێشوو) ، تا وای لێهات هونەرو ئەدەبی عەرەبی خستە نێو چوارچێوەی جیهانییەوە.

- دواتر ئەگەر بێینە سەر دەرکەوتنی ڕێبازی سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا سەرەتا گەر لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە دەستپێدەکەین ، ئەوا چیرۆکی بەرئاگردان و حیکایەتەکان و.. .. . ، فڕین بەباڵی خەیاڵ ، کۆکردنەوەی ئەو واقیعە دژوارانە کەلە حیکایەت و چیرۆکە ئەفسانەییەکان دا هەن سەرچاوەیەکی بە نرخی سوریالیزمن ، چونکە خەیاڵ و فەنتازیا ئەو ڕەهەندانەن کە سوریالیزم کاریان لەسەر دەکات ، بە ڕەگەزی خەیاڵ و فەنتازیا سوریالستەکان هەوڵی سەرووی واقیعیان دەدا ، یا ئەو پەند و ئیدیۆم و مەتەڵ و.. .. کەلە ئەدەبی فۆلکلۆردا هەن ، هەمان وێنە بەرچاودەکەون ، کە نوسەر دوور لە کۆنترۆڵی عەقڵ و لۆژیک دەروونی خۆی خاڵی کردووەتەوە ، دەقەکان هەمان هەڵچوون و دیدگای

سوریالیانەی تێدایە ، کە دەکرێت بوترێت لە ڕووی هونەرو شێوازەوە زۆر لە تەکنیکی سوریالی دەچێت. لەبەرئەوەی سوریالیزم لەسەر بنچینەی وەهم و خەیاڵ دامەزراوە ، بۆیە زۆربەی ئەودەق و بەرهەمە ئەدەبییانە، لەو تێڕوانینە سوریالییانە بێبەش نین کە دوورە لە عەقڵانیەت دوورە لە لۆژیک ، ئەمەش ئامانجی یەکەمی سوریالییەکان بوو.

دواتر لە ئەدەبی نوسراودا سەرەتا لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ،لە دیڕە شیعرێکی کلاسیکی کورد شێواز و ناوەرۆکێکی سوریالی دەبینرێت , شاعیرانی کلاسیك بەشێوەیەکی خەیاڵاوی بەلەش و لاری ئافرەتیان هەڵداوە , چەندین وێنەی ڕەنگینیان لێ نەخشاندووە , ئەم وێنانەش خاڵی نەبوون لە وێنە و تێڕوانینی سوریالیستانە , زۆر جار لەخەوەکانیان دا چوونەتە ژوانی یارو بەکامی دڵ لەگەڵیان ڕاکشاون , خەونەکانیشیان لە خەونی سوریالیانە کەمتر نەبووە , کە زیاتر تێرکردنی ئارەزووە چەپێنراوەکان بووە. ئەمەش بەڕوونی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا دەبینرێت.

دواتر لە ئەدەبی نوێی کوردیدا بەتایبەتی لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا ( عەبدوڵا گۆران ) لەبارەی سوریالیزمەوە دەنووسێت : سوریالیزم ئەبێتە هۆی ئەوەی ، کە ئەدەب لەتازەکردنەوەیەکی بەردەوام دابێت , هەر وشەو ڕستەو دەربڕینێك هەڵمەتێك بێت, بۆ دۆزینەوەی ڕاستی , ئەو ڕاستییەی کە بەلای ئەمانەوە زۆر شاراوەترە لەوەی کەبەئاسانی دەر ببڕێت , بۆیە نوێخوازی لەئەدەبی سوریالیدا یەکێکە لەمەرجە هەرەگرنگەکان (ئاشنا ، 2002، 79) گۆران بە هۆی زانینی زمانی ئینگلیزی و لەڕێگەی ئەم باگراوندە ڕۆشنبیریەی هەیبووە، شارەزای ڕێبازو شاعیرو نوسەرانی ئەوروپا بووە , کە بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە بۆ ناو ئەدەبیاتی کورد ، ئەمەش کاریگەریی کردۆتە سەر (گۆران) و لەهەندێ بەرهەمیدا وەك وتار ڕەنگی داوەتەوە.

**-دواتر لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا**

لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتاکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم شاعیرانی کورد لەڕێگای کاریگەریان بە تەوژمە نوێخوازەکانی ئەدەبی عەرەبی ، چەند بزوتنەوەیەکی ئەدەبیان ڕاگەیاند لەوانە گروپی کفری کەرکوك, و گروپی ڕوانگەو. .. .. ڕاستەوخۆئەم تەوژمە لەبەرهەمەکانیان ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نمونە دیوانی ( خواو شارە بچکۆلەکەمان) ی (لەتیف هەلمەت)کەلە زۆربەی شیعرەکانی ناو ئەم دیوانە , پەیڕەوی ئەو بنەمایانەی کردووە , کە سیمای نوێگەری بوون , چەندین وێنە و ڕوانینی سوریالی دەخاتە ڕوو.

دواتر ڕۆڵ و کاریگەری گۆڤاری ڕوانگە دەردەکەوێت ، ( ڕوانگە ) وەك بزاڤێکی نوێگەریی, بە کاریگەری ڕێبازە نوێخوازەکانی ڕۆژئاوا و تەوژمە نوێخوازەکانی ئەدەبی عەرەبی ، لەسەردەستی کۆمەڵێ گەنج هاتە کایەوە. لە ژێر دورشمی( ووتەی نوێ , بیری نوێ , کرداری نوێ ) کاتێ کۆمەڵێ ڕۆشنبیرلە بەغدا دەژیان ، کە پێکهاتبوون لە (کاکەمەم بۆتانی , شێرکۆ بێکەس , حوسێن عارف , جەلالی میرزا کەریم , جەمال شارباژێڕی) ئەمانیش کەوتبوونە ژێرکاریگەری ڕۆشنبیری وئەدەبی عەرەبی. لەڕێگای خوێندنەوەی گۆڤارو بڵاوکراوەکانی ئەوکاتە ، لەم بارەیەوە (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت : لە کۆتایی شەستەکان وسەرەتای حەفتاکاندا گەلێ بزوتنەوەی ئەدەبی و هونەری و شەپۆلی نوێخوازی دنیای گرتەوە , فەرەنسا بووە ناوەندێکی دیاری ڕاپەڕین و هەستانی خوێندکاران و ڕووناکبیران و هونەرمەندان , لەوکاتەشدا شۆڕش و یاخیبوون و شۆڕشی چەکداری کوردی لەکوردستانی خوارووەدا لەگرمەی تەقینەوەی خۆیدا بوو(مستەفا،1999، 51). سەبارەت بەکاریگەریی بوونیان بەقوتابخانە ئەوروپییەکانی وەك دادایزم و سوریالیزم (کاکەمەم بۆتانی) لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت : ئێمە کاکەمەم –شێرکۆ بێکەس – حوسێن عارف – جەلالی میرزا کەریم , ئەوکاتە ی لەبەغدا دەژیاین , لە ژێر کاریگەری قوتابخانە ئەوروپیەکان کە دادائیزم وسوریالیزم لەگۆڕێ بوو , لەژێرکاریگەریی شاعیرە نوێخوازە عەرەبەکان ، زیاتر هانی داین بۆ تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردی و دەرکردنی بەیانێك(سەرچاوەی پێشوو،ل57). ئەوبەیاننامە لەژێرناوی (بانگەوازێك لەڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێیانەوە ) لەژمارە یەکی گۆڤاری ڕوانگە لەساڵی (1970) و لەژمارە (15) ڕۆژنامەی هاوکاری لەبەرواری 1970/4/25 بڵاوکرایەوە. ئەوەی کەبەڕوونی لە بانگەوازەکەدا دیارە ، گیانی یاخیبوون و گوڕو تینە , بۆ تازەکردنەوە لەژێرکاریگەریی ئەو تەوژمە نوێخوازانەدا , بەڵام ئەوەی زیاتر بە ڕوخساری بزوتنەوەکەدا دیارە , سیمای ڕیالیزمی سوسیالیستی و شۆڕشگێڕانەیە ، ئەمەش بۆ قۆناغ و باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەوکاتەی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە.

دواتر شاعیرانی هەولێر لەبەرهەمەکانیاندا چوونەتە ناو ئەم تەوژمەو بەکارگەریی ئەو قوتابخانە هونەری و ئەدەبیانەی ، کە لە ڕێگای ڕۆشنبیری عەرەبییەوە هاتنە ناو ئەدەبیی کوردی ، دەقی ئەدەبیان بەرهەم هێناوە ، کەلەدەرەوەی گروپی کفری و ڕوانگەدا بوون ، لەوانە (عەباس عەبدوڵلا و ئەنوەر مەسیفی و. .. )بوو. (عەباس عەبدوڵلا ) لەم بارەیەوە دەڵێت: ئێمە لە کوردستانی عیراقدا لەڕێگەی زمانی عەرەبییەوە زۆر شتی ڕۆشنبیری هەمەجۆری کۆن ونوێ خۆماڵی وەرگیراو وەردەگرین , لەمەوە لەدوای ناوەڕاستی شەستەکاندا ئاشنای ڕێبازە نوێیەکانی ڕۆژئاوابووین , ڕێبازی سوریالیزم ودادائیزم لەڕێگەی وێنەکێشانەوە ئاشنایان بووم , چونکە وێنە زمانێکی جیهانییەو هەموو کەس تێدەگات, نوسینەکانیش دواتر

بوونە بنجێکی ڕۆشنبیری بۆ زاخدانی زانیاری لەبارەی ئەو ڕێبازانە ، ئەمەش لەڕێگای چاپکراوە لوبنانیەکانەوە(رەفعەت ، 2006 ،81). بۆیە کاتێ دیوانی (ئاو ) لەساڵی (1974) و دیوانی (لم نیازمە ) لەساڵی1978 بڵاودەکاتەوە بەتەواوەتی کاریگەریی ئەو ڕەوتە نوێخوازیەی سوریالیزم و دادائیزم دەبینرێت. ئەمانەش هەوڵی شاعیرانی هەولێر بوون بەتایبەتی (عەباس عەبدوڵڵا).

لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین ڕێبازی سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی لە شیعری هاوچەرخدا دەرکەوت و لەلایەن شاعیر و نوسەرانی هاوچەرخ بنەما هونەرییەکانی پەیڕەو دەکرا.

**- خاسیەتەکانی سوریالیزم**

-1ڕەتکردنەوەی لۆژیك ، گوزارشتیان لە پوچی ونامۆیی ، کە بەپێچەوانەی لۆژیك بوو دەکرد. داوای شۆڕش و یاخی بوون و وێرانکردنیان دەکرد لە ژیان و مردن ، ڕاستی و خەیاڵ ، هەڵوەستەکردن کردن لەسەر ئەوشتانەی ، کە پەیوەندییان بەیەکەوە نەبووە.

2- سوریالییەکان وەك بارێکی دەروونی وفکری تەماشای شتەکان دەکەن ، هەوڵی دەرچوونیان دەدا لە قاوغی باو و لادانی سنور بۆ بابەت و مانای شیعر و دەرچوون لە لاساییکردنەوە ، تەنانەت هەوڵی نەهێشتنی سنوری عەقڵیشیان دەدا ، پەیوەست بوون بەحاڵەتی سەیر وەك شێتی. .. ، بۆیە پابەندبوونیان بەیەك قاڵب ڕەتدەکردەوە.

3- سوریالیەکان خەونیان بە ڕۆشنکەرەوەی واقیعی دەروونیان دەزانی ، بۆیە پشتیان بەخەون دەبەست ، بەشێوەیەکیش جیا لەو خەونەی کە لای ڕۆمانسیەکان هەبوو. چونکە خەون لایان شادی بەخش بوو بۆیان دەروونی ڕووناك دەکردەوە.

**بنەما هونەرەکانی سوریالیزم**

**1- تەقاندنەوەی هەستی نائاگا (بێئاگایی):**

بێ ئاگایی بەبنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لەڕێبازی سوریالیزمدا ، وەك چەمکێکی فەلسەفی لێکی دەدەنەوە و پەیوەندی نێوان خەون و نائاگایی ڕووندەکەنەوە ، لە ڕێگای خەونەوە بوار بۆ نائاگایی ڕەخسا بۆئەوەی لەشێوەی ئاگایی وهۆش خۆی بنوێنێ. ئەمەش ڕێگایەك بوو لای سوریالیستەکان ، بۆدەربڕین و خۆیان لەدیاردە هەست پێکراوەکان دوورخستەوە ، باس لەو بابەتانە دەکەن کەلە جیهانی نائاگایدا دەرکی پێدەکەن. ئەمەش بە سود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوە دەروونیەکانی ( فرۆید ) بۆ تیشك خستنە سەرئەو جیهانە نائاگاییە کەبەشێکە لەجیهانی هۆش و ژیری ، کە ئازادانە هونەر مامەڵەی لەگەڵ نائاگایی و خەون دەکرد , وێنە یان لە خەونەکانیان هەڵدێنجا , بەمەبەستی گەیشتن بەسەرووی واقیع. بۆیە سوریالیەکان حاڵەتەکانی نائاگایی دەکەنە ئامانج ، بەلایانەوە ئاساییە بۆ گەیشتن بە سەرووی واقیع , واقیعە جیاوازەکان کۆبکەنەوە بۆ دروستکردنی واقیعێکی باڵا ی دیکە ، بەشێوەیەك پیشاندانی حاڵەتەکان بەشێوەیەکی سەیر و ناجۆر ودوور لەواقیع ، کە هەموو پرنسیبە لۆژیکییەکان لێکهەڵدەوەشێنێتەوە

**2- خـــــەون**

خەون لای سوریالیستەکان بەهاو بایەخی و گرنگی خۆی هەیە ، چونکە گوزارشتی ڕاستەقینەیان لەخەوندا دەدۆزیەوە , لەبەر ئەوەی ڕۆڵی عەقڵ لەکاتی خەوبینیندا نامێنێ , هەستیارەکان دەگۆڕێن بۆ دیدگا و وێنەی بێ چاودێرو بێ کۆنترۆڵ. خەون لای سوریالیزم بریتیە لە کانگای وێنە و خەیاڵ کەلە ڕێگەی کۆمەڵێك شێوازی نوسین وتەکنیك تەعبیری لێدەکرێ ، ڕێگەدان بەقەڵەم لەکاتی زیندەخەوی نیوە هۆشیار بۆ خۆی بجوڵێتەوە , شێوازێکە لە کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوە و ئازادکردنی توانا شاراوەو چاوەڕوان نەکراوەکان. (عومەر،2002 ، 295) بەلای ( فرۆید )یشەوە خەون مەملەکەتێکی دوور لە لۆژیکیە و ڕێگایەکە بۆ هێنانەدی ئارەزوە خەفەکراوەکان.

**3- نوسینی ئۆتۆماتیکی**

نوسینی ئۆتۆماتیکی دەربڕینە لەحاڵەتێك بەبێ چاودێریی عەقڵ و لۆژیك بەبێ چاودێری کردنی ئیستاتیکاو ڕەوشت ، پەیڤێکە لەنێوان مرۆڤێکی هۆشیار و بەشێکی وون بوو لەخۆی , بەشێوەیەکی تەمومژاوی ، شاعیریش لێرەدا ڕۆڵێکی فریادڕەس دەبینێ لە دۆزینەوەی چارەنوس و خودی مرۆڤ لەو بەشەی کە شاراوەیە. نوسینی ئۆتۆماتیزم ئامانجی گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەك ، بۆ داڕشتنەوەیەکی نوێ بۆ کردەی زهنی ، بۆ گەشەسەندنی هۆشیاری و ناهۆشیاری و بەرزبوونەوە بۆ هۆشیاری باڵا(بریتون،1973 ،159).

**4- لاشەی بەتام**

ئەم هونەرەش یەکێکە لە بنەماکانی سوریالیزم و بە کۆمەڵ پەیڕەو دەکرێ ، بەبێ خۆئامادەکردن و زانینی پێش وەختە دەست پێدەکەن ، واتە کەسی بەرامبەر نازانێ چ پرسیارێکی لێکراوە ، ئەویش کۆمەڵێك شاعیر یانوسەر لەگەڵ یەکتر دادەنیشن و سەرەتا یەکێکیان جا هەرکامێکیان بێت کاغەزێك بەدەستەوە دەگرێت و ڕستەیەك لەسەر کاغەزەکە دەنوسێت و دەیدا بەکەسی دووەم , ئەویش بەبێ ئەوەی بیخوێنێتەوە ئێزافەیەکی دەخاتەسەری دەیدا بە کەسی سێەم تادوایی ، بەم شێوە یاریەکە دەکرێت و هەر نوسەرە بەبێ ئەوەی ڕستەی ئەوانی پێش خۆیان بخوێننەوە, ڕستەیەك زیاد دەکەن ، تا لە کۆتاییدا تێکستێکی سەیرو سەمەرە دەردەچێت. یەکەم وشە کە سوریالیستەکان لەم یارییەدا بەکاریان هێنا

بریتی بوو, لە ڕستەی لاشەی بەتام شەرابی نور دەخواتەوە, لەمەوە ئەم تەکنیکە بە لاشەی بەتام ناو نراوە. (عەبدوڵلا،2013 ، 65).

### 5- شێتی

شێتی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە سوریالیەت گرینگی پێدەدات ، بە مەبەستی ڕزگار بوون لەدەست کۆت وبەندەکانی عەقڵ , واتە ڕێگەیەکە دەمانگەیێنێتە جیهانی ناهۆشیاری ، واتە ئەو ڕێگایەیە کەلەناو زیهنی عەقڵماندا گیراوە و ئێمەی عاقڵ ناتوانین پێیاندا بڕۆین ، بەمەش جیهانی شێتی بۆ سوریالیزم دەبێتە گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوو ، چونکە پڕە لە جوانیەکانی نائاگایی و ناهۆشیاری. (پیربال،2004 ، 265) چونکە شاعیرانی سەر بەو ڕێبازە دەتوانن ئەو بارەشڵەژاوە دەروونیانەی کە تیایدان لە کارەکانیاندا کۆبکەنەوەو بیکەنە پەیامێك بۆ میللەتەکەیان.

### 6- هونەری گاڵتەکردن

مەبەست لە هونەری گاڵتە پێ کردن ئەوەیە ئاستەنگی و کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان بە گوێنەدان و گاڵتەو پێکەنینەوە بڕەوێنێتەوەو پەیامەکەیان بگەیەنن ، دەیانەوێت لە و ڕێگەیەوە پەیوەندیە باوەکانی نێوان شتەکان تێك بشکێنن تا لەپەنجەرەیەکی ترەوە بڕواننە جیهان و چێژێك ببەخشن. (سەرچاوەی پێشوو،264) واتە دیانەوێت لە ڕێگەی پێکەنینەوە ڕووبەڕووی ئەو واقیعە تاڵە ببنەوە کە عەقڵ توانای ئەوەی نییە ڕوبەڕووی ببێتەوە ، ڕەخنە بەتوانج و گاڵتەو پێکەنینەوە لە واقیعە تاڵەکە دەگرن ، بەمەش گوڕ و تینێك بەڕۆح دەبەخشن و سەردەکەون بەسەر ئەو دنیا تاڵ و پوچەی کە تیایدا دەژین ، بەمەبەستی گۆڕینی ژیان ، وەك مردن بە پێکەنینەوە پێشوازی بکرێت , ئەمەش ئەو کاتەیە کە عەقڵ و لۆژیك بەرامبەر بەخەیاڵ کزتۆش دەبەن. (بطرس،2005 ، 398).

### بەشی دووەم

### ڕەنگ دانەوەی هونەرەکانی سوریالیزم لە شیعرەکانی (عەباس عەبدوڵلا )دا

#### 1- خــــــــــــەون

لە سوریالیەتدا خەون گەیشتنە بەو شتانەی ، کە مرۆڤ ناتوانێت لە واقیعدا پێیان بگات ، بەمەش هەست و چێژێکی خۆش لای شاعیر بەرجەستە دەبێت. (عەباس عەبدوڵلا) یەکێکە لەو شاعیرانەی سوریالیزم لە ڕەنگ و ڕوخساری دا ڕەنگی داوەتەوەو گرنگیی تەواو بەڕەگەزەکانی سوریالیزم دەدات ، ئەوەتا بە زمانێکی پڕ لە خەیاڵ و سادە و ساکار ، تەعبیر لە خەونەکەی دەکات ، کە خەون و نائاگایی بۆتە سەرچاوەی شیعری بۆی وەك دەڵێت:

بەلەمێکی سەوڵداری بچووك
ئۆقیانۆس دەبڕێ
بۆ نابڕێ؟
کە من خەیاڵ بکەم
دەبڕێ و زیاتریش (یوسف،2007، 16)

شاعیر بە تەکنیکێکی سوریالیانە لە کاتی نائاگایی و زیندەخەوندا بۆخۆی ڕێبکات و بجوڵێت ، ئەمەش شێوازێکە لە کۆنترۆڵ نەکردنی بیر پڕنەکردنەوەو ئازادکردنی توانا شاراوەو چاوەڕوان نەکراوەکان. شاعیر کۆمەڵێ خەون و ئەندێشەو نائاگایی تێکەڵ بەیەککردووە بۆ تەعبیر کردن لە حاڵەتێکی دەروونی کە لەم کۆپلەدا دەردەکەوێت. شاعیر لەڕێگەی خەونێکی سوریالیەوە بەناو دەروونی خۆیدا شۆڕبۆتەوەو نەستە پەنگ خواردووەکەی خستۆتە ڕوو ، چونکە بە خەیاڵ بە بەلەمێکی سەوڵداری بچوک ئۆقیانوسەکانیش دەبڕێت. شاعیر بە پشت بەستنی بە خەون و خەیاڵ ، یەکێ لە هونەرەکانی سوریالیەتی پەیڕەو کردووە.

یا لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

بەقاچاخە ڕێ
لە دۆزەخەوە چوومە بەهەشت
کەسیش لێی نەپێچا مەوە
مۆنالیزا لەوێیەو
لەسەر ڕوومەت
بەلای لێوی چەپەوە
خاڵێکی بۆ دەنەخشێنم
وا ئەمن لێرە، مونا لیزاش لێرەیە. (یوسف،2007 ،107)

لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر لەڕێگەی خەونێکی سوریالیەوە بەناو دەروونی خۆیدا شۆڕبۆتەوەو نائاگایی تەقاندۆتەوە، نەستە پەنگ خواردووەکەی خستۆتە ڕوو ، وێنەکانی سەروی ڕاستین ، چونکە نەعەباس لە دۆزەخە و نە مۆنالیزاش لێرەیە ، کەواتە بەخەیاڵ وێنەکانی بۆ نەخشاندووین. ئەمەش یەکێکە لە هونەرەکانی سوریالیەت ، کە شاعیر پەیڕەوی کردووە.

#### 2- تەقاندنەوەی هەستی نائاگا / بێ ئاگایی

سیماکانی نائاگا ئەو یاداشتانەن یا ئەو پێشینانەن کە پەیوەستە بە کاتی منداڵییەوە، یا ئەزموونی ژیانی پێشووە واتە دەوڵەمەندە بە ئەزموونی پێشوو ، دواتر گەنجینەی ڕۆشنبیری و دەروونی تاك و کۆمەڵ کە لەناو هونەرمەندداا کۆبۆتەوە لە بێ ئاگایی یەوە دەردەچن و وێنەی دەکێشن و کردەی داهێنان بەبێ ئاگایی یەوە ئەنجام دەدەن. بۆیە ئەم هونەرە لای شاعیر ڕەنگیداوەتەوەو بەشێوەیەکی فراوانیش بەدی دەکرێت لە شیعرەکانیدا ، ئەمەش بۆ باری دەروونی شاعیر دەگەڕێتەوە. شاعیر لە تەقاندنەوەی هەستی نائاگاییدا ، شێوازێکی جوانی و ئیستاتیکیانەی بە دەربڕینەکەی داوە ، وەك دەڵێت:

بە حوبر
ئاواتەکانی خۆم نووسی و
بە بزمار لەسەر ئۆقیانۆس
چەسپم کردن
***
ئافەرینم لێ کرد،
تێر چەپڵەم بۆ لێ دا
شادی کردم
هەست و نەستی ، ئێ رووەکانە
هەست و نەستی ، ئێ ئاژەڵانە
ئافەرینم لێ کرد
تێر چەپڵەم بۆ لێ دا

هەست و نەستی
مرۆڤانەبوو (یوسف ، 2007، 18)

شاعیر لە ڕێگای هەستی نائاگاو قوڵبوونەوە بەناو ئەندێشەو خەیاڵدا بە زمانێکی فەنتازی ، کە زمان لەو فەنتازیایەدا چڕ دەکاتەوەو هێزی پێ دەبەخشێ گوزارشتی لە حاڵەتێک کردووە ،وێنەکانی سەرووی ڕاستین ، کەواتە بەخەیاڵ و نائاگاییەوە وێنەکانی بۆ نەخشاندووین. ئەمەش یەکێکە لە هونەرەکانی سوریالیەت ، کە شاعیر پەیڕەوی کردووە.

لە شیعرێکی تریدا دەڵێت:

پەیژەیەك هەڵدەپەسێرم
پەسیرە لێ دەکەمەوە
هەڵدەپەسێرم پەیژە و
حەپینی مانگ ڕادەگرم
لە بۆ کۆنە کتێبێکی بە ووشە
پەیژەم بەسەر ڕەفەکەوە
هەڵسپارد
نوسرابوو: هەڵمەپسێرە
بە هەڵپساردنی پەیژە

ئەو هەستەی کە شاعیر لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە لە وێنەو نەریتێکی سوریالیستانە دەری بڕیوە وێنەکان بەرامبەر یەك دەکات و وێنەی پچڕ پچڕ دەردەخات ، وەك لە وشەی هەڵدەپەسێرم ، کە چەند جار دووبارەی دەکاتەوە لە هەرجارێك ئەرکەکەی زیاتر دەکات ، جێگۆرکێ بەشتەکان دەکات و قاڵبەکانی لێکچواندن دەشکێنێت ، بەوەی کە مانگ ئەو جوانییەی هەیبوە ئەو سیفەتی سەگێکی پێدەدات ، کە لەشەو دا بەدیار مانگەوە دەحەپێ. ئەمەش مەنەلۆگێکە کە شاعیر لەگەڵ خودی خۆیدا دەیکات بۆ کاریگەریی زیاتر لای خوێنەر. لە دواییدا دەڵێت:

هەرمن نیم
جیهانیشم هەیە
ئەی دەستم؟
ئەی لاقم؟
بۆقیش جیهانبینیکی هەیە
پلاستیکیش
دەرمانیش
بورکانیش. (یوسف ، 2007 ، 118)

لەم کۆپلەیەدا زمانی شاعیر ئەو زمانەیە کە گوزارشت لە نائاگایی دەکات ، ئەو هەستە پەنگ خواردوەی لە ناخیدایە تاگەیشتۆتە ئاستێکی نائاگا بەو شێوازە ئیستاتیکیە دەری بڕیوە ، شاعیر لە مەنەلۆگەکەی بەردەوامەو خۆی پرسیار دەکات و وەڵام دەداتەوە دەچێتەوە سەر ئەندامێکی لەشی ، هەروەك ئاگادار کردنەوەی کەسی بەرامبەر ، ئەو شێوازەی شاعیر حاڵەتێکی ئیستاتیکی دروست کردووە بەمەستی بەخشینی جوانی و چێژێك بەهۆنراوەکە.

**3-نووسینی ئۆتۆماتیکی**

سوریالیستەکان بێ ئاوێتە کردنی دونیای خەون و بێ ئاگایی لەگەڵ دونیای واقیع دا کار ناکەن ، بۆ نەهێشتنی سنورەکان ، کە دەبێتە سەرووی واقیع. لەم هونەردا شاعیر زۆر بە جورئەتەوە تەعبیر لەناخی پەنگ خواردووی دەکات ، بەبێ سانسۆری عەقڵ و ڕەوشت ئەوەی لەناخی پەنگی خواردۆتەوە دەری بڕیوە بەبێ بیرکردنەوە نوسیویەتی ، بەشێوازێك بەبێ گوێ دانە هەڵەو چەوتی و دووبارەکردنەوەی وشەو بەکارهێنانی وشەو زاراوەی باوی خەڵکی ڕەشۆکی ، کە ئەمە بە پێچەوانەی زمانی شیعری پێشتر بووە ، واتە زمانێکی میتازمانە کە چینی ڕۆشنبیری خەڵك بەکاریان دەهێنا. ئەم شێوازەش داڕژانی ئۆتۆماتیکی هۆش دەردەخات. وەك دەڵێت :

بێناو لە ئێ بەناو زێترن
بەرەکەت دا. .. . !
***
گورگێک بانگم دەکات
هەڵمەیە.. .. برا !
***
دابێ هەموو شتێ دەگرێ!
تەنەکەی ژەنگاوی
بە چ دەنگ و ئاوازێک ؟!
***
لەشم
لە بارۆ مەتر هەستناسکترە
سەرباری گەرماو سەرما
سۆزپێوە (یوسف ، 2007 ، 29)

شاعیر لەم شیعرەیدا بنەماکانی ئۆتۆماتیکی پەیڕەوکردووە ، بە بێ بیرکردنەوە دەقەکەی نوسیوە ، بە جورئەتەوە تەعبیری لە ناخی پەنگخواردووی کردووە ، ئۆتۆماتیکیانە ئەو وشانە لە نائاگاییەوە بەرەو ڕۆشنایی سەردەخات ، گوێ بە سانسۆری عەقڵ و لۆژیک نادات ، بەتەواوی خۆی سەربەست کردووە لە گوزارشتکردن بە شێوەی ئۆتۆماتیکی لە نائاگایی دەدوێت ، دروستکردنی وێنەکان و نەبوونی بیرێکی سەرەکی کە دەقەکە بەدەوریدا بخولێتەوە ، بەبێ گوێدانە بیرکردنەوە بیرۆکەکانی پێکهێناوەو گوزارشتی لە ئەزموونی باری ناهەمواری و حاڵەتی دەروونی خۆی کردووە.

لە شیعرێکی تریدا دەڵێت:

نوکی قەڵەمێکی چەمووش
کیلۆپاترا لەو ساوە تا ئێستاش دەزرینگێنێ
ژیانم بەر خۆر وبایە.. . بە هەموودەم
ئاشکرایە
هەگبەشم بێ مارە، بێ بۆمبایە
پۆلیسی فیتفیتەدار گمەگمی ککوختی سەر
بەیتونەکەی بڕی

لێرەدا شاعیر بەبێ سانسۆری عەقڵ و بەبێ بیرکردنەوە ئەوەی لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە دەریبڕیووەو شیعرەکەی نوسیوە ، لە کۆپلەی دواتر دەڵێت:

نەمووت سەرخانی دەسەڵات نێرەو

بنخانەکەشی مێیە؟!
مریشکێکی نە نێرە و نە نێرە و نەناسراویش
شەوی ( 77 ) دەوڵەتی ناونوس کراوی
un )دەبێتە ڕۆژی نیوەڕۆ، بەیەکەوە لەگەڵ
بووین خەون نێر بووین بەردی دق و پەق هـ. س. تد.. . (یوسف،1999، 4)

لێرەدا شاعیر بنەماکانی ئۆتۆماتیکی پەیڕەوکردووە ، بەوەی بە بێ بیرکردنەوە دەقەکەی نوسیوە بەتایبەتی لە دروستکردنی وێنەکان و پێکهێنانی بیرۆکەکان و نەبوونی خاڵ و بیرێکی سەرەکی کە دەقەکە بەدەوریدا بخولێتەوە ، شاعیر بەبێ گوێدانە بیرکردنەوە کە سروشە شاراوەکەی ڕادەگرت ، واتە بەبێ گوێدانە شەنگستەکانی شیعرنوسین ، شاعیر گوزارشتی لە ئەزموونی باری ناهەمواری خۆی کردووە.

هەتا هەتایە و بێ ئاوڕدانەوە
بەرەو تاریکی، غاردانێت پێ دەکات
نەخۆشییەکان دەکەونە گیان یەك
یەکۆ نیوێکیش بە جاویدانی دەمینێتەوە
ئەویش بەس بەدەستوری دەرمانی پەنهانی ( پیس بە پیسی )
بنبڕدەبیت
دەرد دڵداری جەستەیە
لە فیردەوسی شاری خونیشدا، لەش بێ دەرد نیە. (یوسف،2000، 38)

هەستی نائاگایی بۆتە بنەمای سەرەکی دەقەکە ، لەگەڵ ئەوەی شاعیر زمانێکی ناوچەیی سادە و ساکاری پەیڕەو کردووە ، شاعیر ئۆتۆماتیزمانە وشەکانی لە نائاگاییەوە بەرەو ڕۆشنایی سەردەخات ، بەبێ گوێ دانە شەنگەستەکانی شیعر نوسین ، لە ڕێگەی ئەو هەستە نائاگایەوەی خوێنەر بە وشەیەك نزیك دەکاتەوە لە واتاو دواتر دوری دەکاتەوە وەك لەو قسەو پەندی فۆلکلۆریانەی هێناونەتیەوە کەدەڵێ ( پیس بە پیسی ) چونکە بەبێ بیرکردنەوە وێنەکانی دروست کردووە ، دواتر لە کۆتایی دەقەکەدا شاعیر لە دەربڕینی بیرۆکەی پارچە ئاسنەکە ، کە وەك موگناتیسە هەموو شتێك بۆ خۆی کێش دەکات ، ئەمە دەبێتە کلیلی وونبووی دەقەکەیە ، شاعیر بەناو جەستەی دەقەکەدا دەیگێڕێت ، دەیکا بەو پرسیارەی کە خوێنەر بەدوای وەڵامەکەیدا وێڵ بێت ، یا ئەو بارە ناڵەبار و تەنگژەی شاعیرە کە تیایدا ژیاوە، ئێش و ئازارەکانی پێ بخاتە ڕوو. بۆیە دەبینین پرەنسیپەکانی ئۆتۆماتیزمی دەروونی لای شاعیر ڕەنگیداوەتەوە و بەشێوەیەك دەربڕینی لەو هەستەی کردووە بە وروژاندنی سۆزێك لەناو دەقەکەدا بۆئەوەی خوێنەر بۆخۆی ڕابکێشی ، ئەو هەستەی دەربڕیوە.

**4- هونەری لاشەی بەتام**

لەم هونەرەدا بۆئەوەی بواری زیاتر بۆ شاعیران بڕەخسێ بۆ گوزارشت کردن لە هەستەکانی ، هەموو هۆیەکانی بیرکردنەوە و نوسین خراوەتە خزمەت تەقاندنەوەی هەستە نائاگاییەکان. لەم جۆرە هونەرەشدا کۆمەڵێ شاعیر لە سەر یەك مێز، کۆدەبنەوە پارچە کاغەزێك دەردەهێنن و بیرۆکەیەك کە شێوەی پرسیار ڕووبەڕووی کەسی بەرامبەر دەکرێت بۆ نموونە ( چی ) بەشەکەی تر لای کەسی یەکەم دەمێنێتەوە، جا بەم شێوەیە لەکۆتاییدا شتێکی لێ دەردەچێ. ئەمەش ئەو یارییە بوو کە شاعیران دەیان کرد بۆ هێنانەکایەی واقیعێکی تر و دابڕان لەو واقیعە ناهەموارەی کە شاعیرانی تێدا بوون. ئەمەش هەوڵێکە بۆ تەقاندنەوەی هەستی نائاگای شاعیران.

بۆ نمونە شاعیر دەڵێت :
بوڕکانی ئاو بەفری ناو ئاگردانەکان
ئەو شەوانەی لەتاقە گەڵایەك ڕادەمێنین
پێویستە لە بەرد ڕابمێنین و لە شووشە بەتاڵەکان بدوێین
دەنا کش وماتی چاکترە لەهیچ
جوانی چاکترە لەهیچ
لە هەبوونەوە بەرەو هیچایەتی
پاشای ڕۆژ هەڵاتم , کەڵەبابم
بەقەپ مێروستانەکانی ناوەندی لەشت
یەك یەك تا تەواو دەبێت لرف دەکەم (سەراج،یوسف،مەلا،پیرباڵ،2006 ، 29)

لێرەدا کۆمەڵێ شاعیر لە سەر یەك مێز، کۆبونەتەوەو پارچە کاغەزێکیان هێناوە و بیرۆکەیەك کەلە شێوەی پرسیار ڕووبەڕووی یەکیان کردۆتەوە ، بۆئەوەی بواری زیاتر بۆ خۆیان بڕەخسێنن بۆ گوزارشت کردن لە هەستەکانیان ، بۆیە هەموو هۆیەکانی بیرکردنەوە و نوسینیان خستۆتە خزمەت تەقاندنەوەی هەستە نائاگاییەکانیان تا ئەم دەقەی لێ دەرچووە. ئەمەش ئەو یارییە کە شاعیران کردوویانە بۆ هێنانەکایەی واقیعێکی تر و دابڕان لەو واقیعە ناهەموارەی کە تێیدا بوون ، ئەمەش هەوڵێکە بۆ تەقاندنەوەی هەستی نائاگای شاعیران.

**5- دنیای سەیر و سەمەرە ( سەر سوڕهێن )**

لەم جۆرە هونەرەدا بۆ گەیشتن بە سەرووی واقیع و واقیعێکی ناماقوڵ و بێ مانا ، لە ڕێگەی دژیەکەکانەوە هەوڵی دەستخستنی دەدا ، واتە دژیەکەکان ئەو شتانەن بۆ گەیشتن بە سەرووی واقیع، کە شاعیر لە شیعرەکەیدا بەرجەستەی دەکات. وەك (عەباس عەبدوڵڵا) لەم کۆپلەیەدا دەڵێت :

ئەو سوتمانەی
ئاو دایگیرساند
بەئاو نامرێتەوە
خۆی بە ئاگر زوو
دەکوژێتەوە (یوسف ، 2007 ، 40)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگای هێنانەوەی وشەو دەستەواژە ، کە یاری پێ کردوون خوێنەر توشی سەرسورمان و دنیایەکی سەیر و سەمەرە دەکات ، شاعیر لەو وێنەی دروستی کردووە زۆر لەیەکەوە دوورن و دژیەکن وەك ( ئاو دایگیرساند ، خۆی بە ئاگر زوو دەکوژێتەوە) شاعیر لە ڕێگەی تێك شکاندنی ئەو واقیعەی کە هەیە هەوڵیداوە بە سەرووی واقیع بگات ، ئەمەش تەنیا دروستکردنی کردنی کەشێکی سوریالیە.

یا لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:
ڕۆژ لە خۆرئاواوە هەڵات
مام ڕێوی لە هەمان کونی جارانی
دەرهات
کە لە ڕۆژ هەڵات ئاوابوو
کەس نەیزانی ڕێوی چووە کام کونەوە (یوسف ، 2007 ، 45 )

بەهەمان شێوە شاعیر لە ڕێگای هێنانەوەی وێنەی دژیەك کە یاری پێ کردوون

خوێنەری توشی سەرسورمان کردووە ، لە ڕێگەی تێك شکاندنی ئەو واقیعەی کە هەیە هەوڵیداوە بە سەرووی واقیع بگات ، کەشێکی سوریالی خوڵقاندووە ، بە هەڵاتنی ڕۆژ لە خۆرئاواوە و ئاوابوونی لە ڕۆژهەڵات ، نەزانینی چوونی ڕێوی فێڵباز بۆ کام کون!.

لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

گشکەس دەزانێ، لەناو، ئاو، ئاگر هەیە

بەس کەس نازانێ، لەناو ئەو ئاگرەدا قوماش هەیە

گشکەس دەزانی، لەناو کات، ئاش هەیە

بەس کەس نازانێ، لەناو ئەو چێڵەدا چینکۆ هەیە

گشکەس دەزانێ، لەناو خەرتەل، سمێڵ هەیە

بەس کەس نازانی، لەناو ئەو سمێڵەدا پەقرەج هەیە

گشکەس دەزانی، لەناو زێڕ، هێلکە هەیە

بەس کەس نازانی، لەناو ئەو هێلکەیەدا پۆتین هەیە (یوسف، 2001، 54).

لێرەدا شاعیر دنیایەکی سەیر و سەمەرەی دروست کردوە ، لە ڕێگای هێنانەوەی کۆمەڵێ وشەو دەستەواژە ، کە یاری پێ کردوون خوێنەر توشی سەرسورمان و دنیایەکی سەیر و سەمەرە دەکات. وەك لە دێڕی یەکەمدا کە دەڵێت گشت کەس دەزانی لەناو ئەو شتە ئەو شتە هەیە، خۆی وێنەکان لێك دوور دەکاتەوە, کە لەڕاستیدا زۆر لێك دوورن و ئەوشتە لەناو شتەکەی تردا نی یە. یا دەڵێ بەس کەس نازانی ئەمیان لەناو ئەویان دا هەیە, ئەمە تەنیا دروستکردنی کردنی کەشێکی سوریالیە. شاعیر لەو وێنانەی دروستی کردوون کە بەیەکەوەی کۆی کردوونەتەوە، زۆر لەیەکەوە دوورن وەك ( ئاو و ئاگر، کات و ئاش، چێڵ و چینکۆ )هتد.. . شاعیر لە ڕێگەی تێك شکاندنی ئەو واقیعەی کە هەیە هەوڵیداوە بە سەرووی واقیع بگات ، چونکە پێی وایە تێکشاندن و ویران کردنی ئەو واقیعەی کە هەیە تاڵە. بۆیە وێنەی سەر سوڕهێنی لەو شیعرەدا کۆکردۆتەوە, کە زۆر لێك دوور و جیاوازن.

زادەی پاش ئەوانیش

بەتەواى و بەیەکجارەکی، لێیان تێکدەچێ

نە دەزانن ئاو چییە و نەدەشزانن شت چییە

نازانن خۆیان چین و ناشزانن ژیان چییە

مەگەر ڕێککەوتێ با فیتەیان بۆ لێبدات

وەك کەر بە ئاستەم سەرەدەر لە گەناوێك بکەن و

لێی بخۆنەوە تا لە تێنووان قڕ نەبن (یوسف،2001 ، 54)

لێرەدا شاعیر سەرسورمانی دروست کردووە ، چونکە لە بۆشاییەکدا دەسورێتەوە هیچ هیوایەك نابەخشێ ، شاعیر لە دورخستنەوەی وێنەکان لە یەکتری هەستە نائاگایەکەی دەردەبڕێت و دنیایەکی سەیرو سەمەرە دەخولقێنێت ، بەوەی ئەوە نیشان دەدات کە نەوەکان هیچ لەو دنیایە ناگەن نە دەزانن ئاو چییە و نەدەشزانن شت چییە نازانن خۆیان چین و ناشزانن ژیان چییە شاعیر پێشبینی ئەوە دەکات, کەنەوەی دواتر سەریان لێ دەشێوێ, چونکە نازانن خۆیان چین و ژیان چییە , بەو هیچی بێمانایيەی کەلە شیعرەکەدا دەربڕاوە دوور خستنەوەی وێنەکان لەیەکتری دەردەکەوێت.

**6- گاڵتەوگەپی سوریالی**

لە گاڵتەو گەپی سوریالی دا شاعیر ڕووبەڕووی دیاردە چەوت و ناشیرنەکانی واقیع دەبێتەوەو هەوڵی وێرانکردنی هەموو دیاردە پڕوپوچەکانی ژیان دەدا ، بەربەرەکانی ئەو واقیعە تاڵە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی دەکات ، بۆیە ئەو واقیعە ڕەت دەکاتەوە واقیعێکی تر دروست دەکات کەلەسەرووی واقیعەوەیە، ئەویش لە ڕێگەی گاڵتەو گەپی سوریالی کەبە پێکەنینینەوە ئەو سیما نوێیە دەبەخشێ ، بە تێکەڵاو کردنی واقیع و وەهم. بۆیە شاعیر لەبەر پێویستی ئەو واقیع و باردۆخەی کە تیایدا دەژی ، بەشێوەیەکی گاڵتە جاڕانە ڕووبەڕووی ئەو دیاردە چەوت و ناشیرنانە و واقیعە نالەبارو تاڵە دەبێتەوە ، بۆ گەیشتن بە ئامانج و سەربەخۆیی گەلەکەی. وەك دەڵێت :

بە زڕت

پێشوازیم لەسەدەی 21 کرد

***

ستوناو ستون

گۆرانییەکەم ڕاگرت

لەتم کرد

وشەکانیم تێی هەڵدا گووخانەوە

مۆسیقایەکەش. .. .. ..

ئازاد و ڕەها دەفڕێ و هەڵدەنیشێ (یوسف، 2007، 100)

شاعیر لەڕێگەی زمانێکی سادەوە حاڵەتێکی گاڵتە ئامێزی دروست کردووە، بە گاڵتەجارییەوە گوزارشت لە پێشوازی سەدەی بیست و یەك دەکات ، ئەمەشی لە حەسرەت و نەداری گەل و نیشتمانەکەیەتی ، گاڵتە بەو واقیعەتاڵە دەکات ، بۆیە بە گاڵتەجارییەوە بەرپەرچی ئەو واقیع و لایەنانە دەداتەوە, کە بوونەتە هۆکار بۆ ڕووخان و وێرانکردنی خەون و ئاواتی میللەتەکەی ، بۆیە شاعیر دەیەوێ بە پێکەنینەوە بگاتە سەرووی واقیع و کۆت وبەندەکان بشکێنێ ، ئەو جۆرە واقیعە وێران دەکات.

یا لە شیعرێکی تریدا دەڵێت:

بەسەر کێڵگەی مێشکدا

سەدە هێسترێك ڕۆیشتم

پەشیمان بووم

سەدە کەرێك بووایە (یوسف، 2007، 125)

.. .. .. ..

بەسواری جەنجەڕێکی باڵتەتیژەوە

پڕ هۆش بەناو بێهۆشی خۆمدا شۆڕ دەبمەوە (یوسف، 2007، 132)

. .. .. .. ..

هەموویان لە قۆناغی هیگڵ خوێندوویانە

بەرەو پێش، هەربەرەو پێش، دروشمیانە (یوسف، 2007، 134)

شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی دەربڕین بۆ گەیشتن بە ئێستاتیکای هونەری بە تێکەڵ کردن لەگەڵ ئەو زمانە سادەمیللییە ، وێنەو حاڵەتێکی گاڵتە ئامێزی دروست کردووە. شاعیریش لێرەدا کە حاڵەتێکی دەروونی خۆیەتی ، بە زمانێکی گاڵتە جاڕی بەرپەرچی ئەو واقیع و لایەنانە دەداتەوە, کە بوونەتە هۆکار بۆ ڕووخان و وێرانکردنی خەون و ئاواتی میللەتەکەی ، بۆیە شاعیر دەگاتە ئەو حاڵەتەی , کە هەموو ئەو دیاردە ناجۆر و ناوێزە، زمانێکی کۆمیدی ڕەخنەگرانە بخاتە ڕوو. دەیەوێ بە پێکەنینەوە بگاتە

سەرووی واقیع و کۆت وبەندەکان بشکێنێ و ڕەخنەبگرێ بەزمانێکی گاڵتەجاری و تەنز ئامێز.

**7- هونەری شێتی**

لەم هونەرەدا نائاگایی بایەخێکی زۆری هەیەو پێگەیەکی فراوانی هەیە ، سوریالیستەکان سوودیان لە لایەنە نائاگاییەکان و شێتی و وڕێنەو.. وەردەگرت ، چونکە پێیان وابوو ئەمانە دوور بوون لە عەقڵانیەت ، ئەو وێنانەی کەلە دەقەکانیان دا بەرجەستەیان دەکرد، لەیەك دوور بوون و پەیوەندییان بە بایەکتریەوە نەبوو، خوێنەر بەدوای تێگەیشتنی دا وێڵ بوو بە دوای دەلالەتەکانیدا دەگەڕا.

ئەمەش لای شاعیر ڕەنگیداوەتەوە کە بەشێوەیەکی نامەنتیقانە مامەڵە لەگەڵ دیدگا و بینینی وێنەکان دەکات وە زمانێکی سەیر و سەمەرە و شێواو لەتەك مانایەکی بێ سەرو شوێن و بەکار دەهێنێ. زیاتر کە لە وڕێنە نزیك بۆتەوە ، ناخ و خودی شاعیر دەخاتە ڕوو بەم شێوەیە دەڵێت:

تا 7777777 ساڵی تر

ئایندەمان هەر ڕابردووە

****

چ بۆن خۆشێکە

نیگام صاف دەکات

چ ڕەنگێکە !

توند لوتم دەگرێت. (یوسف، 2007، 87)

شاعیر ئاماژەی بە وێنەیەکی نامەنتیقی داوە ، بۆ دروستکردنی وێنەکی هونەری ستاتیکی ، کە خاڵی نیە لە شێتی ، کە جێگای سەرسورمانە ، بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان ، کە بەدوایدا وێڵە ، بەمەش نائاگایی زیاتر لەناو دەقەکەدا کارا دەبێت. لێرەدا حاڵەتێکی شڵەژانی دەروونی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت ، ئەویش لەڕێگەی دەربڕینی تا حەفتا و حەفت ملیۆن ساڵی تری ئایندەمان هەر وەك ڕابردووە ، بۆن بینین و نیگای صاف دەکات و ڕەنگ توند لوتی دەگرێ ، واتە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەستگۆرکێ وێنەکانی داڕشتووە نا مەنتیقیانە مامەڵەدەکات و زمانێکی سەیروسەمەرە لەتەك واتایەکی بێ سەرو شوێندا بەکاردەهێنێت ، کە لە وڕێنەکردن نزیك بۆتەوە.

یا لە کۆپلەیەکیتردا دەڵێت:

ئامێر خزمی مرۆڤن

ئۆتۆمبیل باوکێتی

تەلەفزیۆن دایکێتی

بەستک خوشکێتی

ئامێر خۆ لە ناوخۆ خزمی خراپن.. .. . (یوسف، 2007، 93)

لێرەدا شاعیر چەند وێنەیەکی نامەنتیقی و دوور لە عەقڵانییەت و ماناو بابەتی نائاسایی بە کۆپلە شیعرەکە دەدا ، لە ڕێگەی بەکەسکردنی بێگیانەکان وێنەکانی داڕشتووە ، وەک ئامێر کە بێگیانە گیانی بەبەردا کردووەو کردوویتیيە خزمی مرۆڤ ، ئۆتۆمبیلی کردۆتە باوک و تەلەفزیۆنی کردۆتە دایک و بەستکی کردۆتە خوشک واتە شاعیر نا مەنتیقیانە مامەڵە لەگەڵ دیدگاو بینینی وێنەکان دەکات و زمانێکی سەیروسەمەرە لەتەك واتایەکی بێ سەرو شوێندا بەکاردەهێنێت ، کە لە وڕێنەکردن نزیك بۆتەوە. ئەمەش لای سوریالییەکان ئەوپەڕی ڕاستگۆیی و بەرائەتی و ڕەسەنایەتی تێدایە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

هەر سەیری ڕووبار دەکەم و دەکەم

ڕووبار.. . ڕووبار.. . ڕووبار

هەر سەیری ئەسکە ملێ دەکەم و دەکەم

ئەسکە ملێ.. . ئەسکەملێ.. . ئەسکەملێ

هەر سەیری پیواز دەکەم و دەکەم

پیواز.. .. پیواز.. .. پیواز

هەر سەیی چاوم ناکەم و ناکەم

ناکەم.. .. ناکەم.. . ناکەم (یوسف، 1993، 110)

شاعیر بۆ دروستکردنی وێنەکی هونەری ستاتیکی ، چەند وێنەیەکی شڵەژانی دەروونی دروست کردووە ، خاڵی نیە لە شێتی کە جێگای سەرسورمانە ، بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان ، کە بەدوایدا وێڵە ، بەمەش نائاگایی زیاتر لەناو دەقەکەدا کارا دەبێت. لێرەدا حاڵەتێکی نەخۆشی دەروونی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت ، ئەویش لەڕێگەی دەربڕین و دووبارە کردنەوەی وشەکانەوە زیاتر دەردەکەوێت.

عەباس جۆرە ئازادی و مانابەخشینێك دەبەخشێتە شیعرەکانی کە زۆر کەس تێی ناگات ، چونکە شیعر مولزەم نیە کارئاسانی لەدەربڕین و مانا ببەخشێن بکات , بەمەش شاعیر دەمانباتە سەر هەقیقەتێك پێویستە چاوەڕێی هیچ وردەکاریەك نەکەین لە واتای شیعرەکەیدا.

**ئـەنجام**

-1 سوریالیزم لە ئەنجامی ماڵوێرانی دوای هەردوو جەنگی جیهانی هاتۆتەکایەوە ، هەوڵی دەدا لەڕێگە شۆڕبوونەوە بۆناخی مرۆڤ ، کلیلی چارەسەرەکان بدۆزێتەوە.

2- سوریالیزم بە سود وەرگرتن لە تیۆرە دەروونیەکانی فرۆید بەتایبەتی لە بارەی هەست و نەست گەشەی کردو بووە بناغەیەك بۆی ، بەتایبەتی هەستی نائاگا ، چونکە هەرگیز ڕێگە نادات عەقڵ و لۆژیك ئەدەب بخاتە ژێر کێفی خۆیەوە , بەڵکو هەوڵ دەدەن واقیع و جیهانی هەستپێکراو جێ بێڵن بگەڕێن بەدوای نادیارەکان ، واتە وێنەکان لە نائاگاوە دێنە دەرەوەو وێنەی خەیاڵاوین ، لە ژێر کاریگەری هێزی نەستە (نائاگا) بۆیە لە یاساکانی واقیع وسروشت بەدەرە ، وێنەی جیهانێك دەکێشێت هەمووشتێك ئاوەژوو دەکاتەوە.

3- سوریالیزم لەڕێگەی ئەو گەمەو یاریانەی کەهەیەتی شۆڕدەبێتەوە بەرە قوڵایی دەروون ، بۆ ڕزگار بوون لە چاودێری عەقڵ و ڕەوشت ، کە بەنائاگایی تەعبیر لە دەربڕینەکانی دەکات. بۆیە بنەما وپرنسیبەکانی ئازادی دەکاتە بنەمایەك بۆ دەربڕینەکانی ، بەبێ کۆنترۆلکردنی عەقڵ و گرینگی دان بە خەون و نائاگایی.

4- عەباس عەبدوڵڵا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە برەودان و گەشەسەندنی سوریالیزم لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا ، توانیویەتی لە ڕێگەی بنەما هونەرییەکانی سوریالیزم هەموو ئەو بەربەست و کۆت وزنجیرانەی کۆمەڵی کوردی بشکێنێ و سنورەکان بەزێنێ ، لە دەربڕینەکانی ، کە نامۆیە بە سروشت و ڕەفتاری مرۆڤی کورد ، بەمەبەستی چارەسەری کێشەکانی گەلەکەی. بۆیە سوریالیزم بەشێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانی ڕەنگیداواتەوەو پرنسیبەکانی ئازادی کردۆتە بنەمایەك بۆ دەربڕینەکانی.

5- لە زۆربەی شیعرەکانیدا پەیڕەوی بنەماکانی سوریالیەتی کردووە ، چەندین وێنە و

ڕوانینی سوریالی دەخاتە ڕوو ، تێکشکانی ڕەوانبێژی و کۆکردنەوەی دژەکان , بۆ پێکهێنانی واقیعێکی تازە بەڕوونی بەرچاودەکەوێت. بەئاگاییەوە لەم تەوەرە کاری کردووە، بۆ زیاتر بەخشینی سیمای سوریالیانە، هەموو هەوڵێکی لەپێناوی ئازادکردنی ڕوانیندا کردووە بۆ بەخشینی کەش و هەوای سوریالیانە.

6- شاعیر بەجۆرێکی نوێ مامەڵەی لەگەڵ زماندا کردووە ، کە لەشێوە ئاسایی و سواوە دوورکەوتۆتەوەو فۆرمە باوەکانی تێکشکاندوە لەڕێگای زمانێکی تایبەتی ، ڕوخسارو سیمای سوریالی بە دەقەکان دەبەخشێ و لەناو خەیاڵ و فەنتازیادا کاری کردووە.

## سەرچاوەکان


کتێب بە زمانی کوردی

-ئاشنا ، ئومێد ، گۆران(نوسین و پەخشان و وەرگێراوەکانی گۆران) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، 2002 ، هەولێر.

- پیرباڵ ، فەرهاد ، ڕێبازە ئەدەبییەکان ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس ، 2004، هەولێر.

- البصیر ، کامل حسن , ڕەخنەسازی(مێژوو ، پەیڕەوکردن) ، چاپی یەکەم ، کۆری زانیاری عیراق ، 1983، بەغداد.

- گارا ، هونەری شێوەکاری مۆدرێن ، پێشەکی و پێداچونەوەی د. موحسین ئەحمەد عومەر ، 2005، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی هەولێر.

- عەبدوڵڵا ، ئەحمەد محمود ، سوریالیزم لە شیعری کوردیدا دوای ڕاپەرین 1991، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلیمانی ، 2013 ، سلیمانی.

- یوسف ، عەباس عبد الله ، کلکی کتکی پرسیارە، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم ، 2007، هەولێر.

گۆڤارەکان :

- ئەدونیس : سۆفیزم و سوریالیزم ,و :ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل , گۆڤاری کاروان , ژمارە (167 ) ، 2002، هەولێر.

- پیرباڵ ، فەرهاد , کرۆنۆلۆژیای سوریالیزم , گۆڤاری وەرگێران ، ژمارە (2) 1997.

- ڕەفعەت ، سازان , سوریالیزم و عەباس عەبدوڵایوسف , گ. شیعر , سەنتەری نما , ژ,1,کانونی دووەمی , 2006 , چا ,شەهید ئازاد هەورامی , کەرکوك.

- سراج ,یوسف، مەلا، پیرباڵ ، (عەباس عەبدوڵڵا ، هاشم ، ئەحمەدی و فەرهاد )، شیعر و میعر، گۆڤاری شیعر، ژمارە (1)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری نما ، 2006، هەولێر.

- عومەر ، موحسین ئەحمەد ،( سوریالیزم ) , گۆڤاری ڕامان , ژمارە 75 ,2002 ، هەولێر.

- مستەفا ، ڕێزان عوسمان, بەراوردێك لەنێوان جموجۆلی گۆڤاری ڕوانگەوگۆڤاری وێران,گ,ڕامان , دەزگای گوڵان , ژ,40, تشرینی یەکەم 1999 , هەولێر.

- یوسف ، عەباس عەبدوڵڵا ، شاسن( شیعر )، گۆڤاری کاروان ، ژمارە 144، ساڵی 2000، هەولێر.

- یوسف ، عەباس عەبدوڵڵا ، بەڕاستی ( شیعر )، گۆڤاری کاروان ، ژمارە 154، هەولێر.

- یوسف ، عەباس عەبدوڵڵا ، تێرنەبوون، گۆڤاری هەرێم ، ژمارە 13، 1993.

ڕۆژنامە:

- ڕەسول ، ڕێبین ئیسماعیل, سوریالیەت لەمیسردا , ڕۆژنامەی(برایەتی ) , پاشکۆی ئەدەب و هونەر , ژ( 166 ) هەینی , 2000/2/25.

- ساڵح ، مەجید ، دادا یزم ڕێبازی یاخیبوان , ڕۆژنامەی (برایەتی پاشکۆی ئەدەب و هونەر ) ژمارە (3017 ) ، 2003.

- یوسف ، عەباس عەبدوڵڵا ، لەخۆڕا ( شیعر )، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە 380 ، 1999.

__ چاوپێککەوتن لەگەڵ عەباس عەبدوڵڵا ، 11112021 ، هەولێر.

کتێب بە زمانی عەرەبی:

- ارنولد. پ. هنجلف ، موسوعه مصطلح النقدی الامعقول ، ترجمه : عبدالواحد لؤلؤ ، دار الحریه للطباعه ، 1979 ، بغداد.

- بریتون ، اندریه ، بیانات السوریالیه ، ترجمه : صلاح برمدا , منشورات وزاره الثقافه ، 1978 ، دمشق.

- بریتون، اندریه , المعطیات الاساسیه للحرکه السریالیه , ترجمه : میشل کاروج ، 1973.

- بطرس ، انطونیوس, الادب ، (تعریفه ، انواعه ، مڤاهبه) المؤسسه الحدیثه للکتاب ، 2005 ، طرابلس لبنان.

- غریب ، روز ، تمهید فی النقد الحدیث ، دار المکشوف, 1979، بیروت - لبنان.

- مصطفی ، فائق ، علی ، د. عبد الرضا , فی النقد الادبی الحدیث( منطلقات وتطبیقات ) ، الطبعه الثانی ، دار الکتب والنشر ، 2000.

- عباس ، احسان ، فن الشعر ، دار الشروق للنشر والتوزیع الطبعه الرابعه ، 1987 ، عمان - الاردن.

- هاوزر ، ارنولد ، الفن والمجتمع عبر التاریخ , جزء الاول ، المؤسسه للدراسات والنشر ، الطبعه الثانیه ، 1981 ، بیروت.

فارسی :

- سید حسین ، ڕەزا ، مکتبهای ادبی ، جلد2 ، مؤسسەانتشارات نگاه ، 1376، تهران.

ئینتەرنێت :

- علی ، عبدالکریم سلیم , الدادائیه والسریالیه بین انعتاق الرؤیەورؤیه الانعتاق ، www. yosefanan. jeeran. Com



ملخص البحث

مذهب السریالی فی القرن الماضی انتجة الواقع، بعد مذهب الدادائیه له انعکاسات بارزه فی ادب العالمی وادب الکردی . له تاثیره الخاص فی تجسید احساس الکتباء و المثقفین و الفنانین و لا سیما فی ذالک الواقع السیء الذی عاشوه . بقصد توعیه طبقات المجتمع ، فی هذا المذهب یصور الشاعر احاسیس الداخلیه و تعکسه علی الخارج بصوره فنیه عالیه والغرض هو تحریک جوانب المستهدفه عند المتلقی، منها ظواهر الصفات الظاهره لسمات المذهب السریالی فی الشعر و قصائد (عباس عبدالله )، علی سبیل المثال ،کونه واحد من شعراء الکورد المعاصر ، نفتح المجال مباشرة امام بحث هذا.

(السرياليه فى شعر عباس عبدالله ) محاوله لقراءة خصائص و مميزات السرياليه و قصائد (عباس) وفق مذهب السريالى . و محور هذا البحث مختص بمفهوم السرياليه و فى الشعر خاصة ، على سبيل المثال شعر(عباس عبدالله )، و ربطنا بحثنا بهذا المحور ، لكى نوضح جوانب هذا المذهب و قصائد (عباس عبدالله )،توضيحا مكثفا ، فى كتابة هذا البحث تبعنا مذهب التاريخى و النقدى والتطبيقى و تمت بهذا صياغة اساس هذا البحث ، وغير هذه المقدمه يتضمن من فصلين رئيسين و الاستنتاجات و قائمه المصادر و ملخص البحث باللغه العربية و الانگليزيه، فى المبحث الاول يتضمن مفهوم و تاريخ مذهب السرياليه و خصائص و سماته و اسسه الفنيه للمذهب السريالى. فى المبحث الثانى يتضمن انعكاس فنون السرياليه(الحلم ، انفجار حس اللاوعى ، الكتابه الاوتوماتيكيه ، الجثه اللذيذه ، العجائب ، فن المزاحى ، الجنون ) فى قصائد (عباس عبدالله ).

**Abstract**

The serialism method in the last century brought back the need for reality after the Dadaism method. It had a significant reflection on world literature and Kurdish literature. It has had an effect on embodying the feelings of writers, intellectuals, and artists, especially in the unpleasant reality in which they lived for the purpose of raising awareness of the groups of society.

In this method, the poets imaging their internal feeling and reflect it in a high performance, Here the phenomenon of the obvious characteristics of serialism in poetry Abbas Abdullah's poems, for example who is one of the modern Kurdish poets, open the field in front of our investigation directly. Serialism in Abbas Abdullah's poems is an attempt to read the characteristics of Surrealism and Abbas's poems also according to serialism method.

The area of this research is special to the concept of serialism in poetry, particularly Abbas Abdullah's poems. Our investigation is in this context so that we can clarify the details of all aspects of this literary approach and Abbas's poetry in this regard. All historical, critical, and practical methods have been used in this research, and the research conducted two main chapters with an introduction and results in conclusion. The references and summary of the research in three different languages can be seen at the end of the research. In the first chapter, the concept and history of serialism and the characteristics, principles of serialism were discussed. In the second chapter, the reflection of serialism in Abbas's poems has been described such as (Dreaming, unconscious feeling, automatic writing, incredible, irony, madness).